وەبخۆینەوەیەم

ئەم نووسراوە بزماریە وێنەیەکی دەقاو دەقی دوعا مەشهورەکەی داریوشی گەورەیە بۆ ئیرانزەمین بەڵام ئەگەر نیشانی برادەرێکی ئاسایشی بدەیت، ئەڵێ ئادەی..ئینجا یەك فیکەی درێژ لێ ئەدات چ چ چ لەپڕتۆنی دەنگی ئەگۆڕێت.

ئۆو ..ئەمە کۆنە...دیومە..کاغەزی زەرقاوییە گۆڕبەگۆڕەکەیە بۆ جەماعەتێکی نوسیوە لە فەللوجە.ئەڵێ دەغیلتانبم بەمەفرەزەی بچکۆلەی دووکەسی سێ کەسی دابەزن چونکێکم تەیارەکانی ئەمەریکا موعەدەل بە عاسمانەوەن.ئەها ئەوەش رەسمی تەیارەکانە ئینجا ئەڵێ ئەگەر بەشوێنێکا رۆیشتن. سەرەکەی قەپات نەبوو تفەنگەکانتان سەربەرەو خوار هەڵگرن باوابزانێت دارشەقە .سەگبابە زۆر سیاسی بووە.

خۆ ئەگەر داوا لەئەندامێکی ژووری بازرگانی بکەیت بیخوێنێتەوە ئەڵێ: ئەی لەوە.خۆ ئەمە قائیمەی گومرگی زەمانی سەرجۆنی ئەکەدییە. تەماشاکە لەو زەمانەشا کەبەحساب دیکتاتۆر و هینە بە هەمووی شانزە ماددە گومرگی خراوەتە سەر. فەقەری دووەمیش هینە رەسمێکی تەوضیحییە لەسەر گەشتە بازرگانییەکان. ئەو وەختە ئەگەر سێ بازرگان بچوونایە بۆ خاریج ئەبوایە ئەندامێکی هەیئەی ئیداری ئێمەشیان لەگەڵ بوایە.ئەها خستوویانەتە سەر سەریان،جاری واش هەبووە بە دوو بازرگان ئەندامێکی ئێمەیان بەرکەوتوە و بەعزێ جارێکیش یەك بازرگان ئەوەتا واضیحە. بەڵام ئەگەرنیشانی دایکتی بدەیت هاوار ئەکات و ئەڵێ دەك سەرت شین کەیت بۆ خاتری پێغەمبەر . خۆ ئەوە وەرەقەی نەوتەکەی ئەنجومەنە. من سێ رۆژە دنیای بۆ ئەگەڕێم.